# مافی دراوسێ

---

نوسینی

شێخ : إبراهيم بن عبد الله المزروعي

وەرگێڕانی

ستافی ماڵپەڕی وەڵامەکان

---

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت و وەڵامەکان

ba8.org

walamakan.com

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على خاتم النبيين، وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعدُ:

دینی ئیسلام گرنگییەکی زۆر و گەورەی داوە بە دراوسىٚ وتەنانەت فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ لەوبارەیەوە گەیشتووە بە پلەی (التواتر) واتە تێکرِا خەڵکانێکی متمانە پێکراو گێرِاویانەتەوە کە دوورن لە درۆ.

لەوانە:

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جَارَهُ) [1]، واتە: ئەوەی باوەڕی بەخواو بەرۆژی دوایی هەیە با رِێــز لە دراوسێی بگرێــت.

لەریوایەتێکی تردا کە پێشەوا موسلیم گێرِاویەتیەوە بەم شێوەیە هاتووە: (مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ فَلْيُحْسِنْ إِلَى جَارِهِ) [2]

واتە: ئەوەی باوەڕی بەخواو بەرۆژی دوایی هەیە با چاك بێت بۆ دراوسێی.

وە رێزگرتن لە دراوسىٚ: بریتیە لە چاك بوون بۆی، چونکە ئەم فەرموودەیە راڤەی فەرموودەکەی پێشووی دەکات.

---

(١) متفق عليه: رواه البخاري برقم (٦٠١٩) واللفظ له، ومسلم برقم (٤٧).

(٢) صحيح مسلم برقم (٤٨).

وه مـافی دراوسێ یه‌كێكه له‌و مـافه جه‌خت له‌سه‌ر كراوانه‌ی كه له ئیسلامدا هاتووه: وئه‌و فه‌رموودانه‌ی كه باسی ڕێز له‌دراوسێ و چاك بوون بۆی و هه‌ڕه‌شه كردن له ئازاردانی و زه‌ره‌رپێگه‌یاندنی ده‌كه‌ن گه‌یشتۆته حه‌دی (التواتر).

له‌وانه: عائیشه ده‌یگێڕێته‌وه ده‌ڵێت: پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رمووی:

(مَا زَالَ جِبْرِيلُ يُوصِينِي بِالْجَارِ، حَتَّى ظَنَنْتُ أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ)[٣]، واته: جبریل به‌رده‌وام وه‌صیه‌تی بۆ ده‌كردم سه‌باره‌ت به چاكبوون بۆ دراوسێ هه‌تا وا گومانم برد كه دراوسێ میراتی به‌رده‌كه‌وێت (جبریل دراوسێ ده‌خاته نێو میراتگرانه‌وه).

هه‌روه‌ها له فه‌رمووده‌یه‌كی تردا هاتووه كه پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی: (وَاللَّهِ لاَ يُؤْمِنُ، وَاللَّهِ لاَ يُؤْمِنُ، وَاللَّهِ لاَ يُؤْمِنُ، قِيلَ: وَمَنْ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: الَّذِي لاَ يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَائِقَهُ)[٤]، واته: سوێند به‌خوا باوه‌ڕی ته‌واو نییه، سوێند به‌خوا باوه‌ڕی ته‌واو نییه، سوێند به‌خوا باوه‌ڕی ته‌واو نییه، وترا: كێ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ری خوا؟ ئه‌ویش فه‌رمووی: ئه‌و كه‌سه‌ی كه دراوسێكه‌ی له ئازار وخراپه‌ی دڵنیا نییه.

ئه‌م جۆره دراوسێیه هه‌میشه‌وكات له‌ترسدایه له دراوسێكه‌ی له‌وه‌ی ئازاری بدات و خراپ بێت بۆی، جا ئه‌م جۆره دراوسێیه كه دڵنیا نییه له خراپه‌ی دراوسێكه‌ی باوه‌ڕی ته‌واو نییه.

---

[٣] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٦٠١٥)، ومسلم برقم (٢٦٢٥).

[٤] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٦٠١٦) واللفظ له، ومسلم برقم (٤٦).

له فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: (وَأَحْسِنْ إِلَى جَارِكَ تَكُنْ مُؤْمِنًا) [٥] واتە: چاك بە بۆ دراوسێکەت دەبیتە باوەڕدار.

جا ئەگەر ورد بینەوە لەو فەرموودانە سەرنجی ئەوە دەدەیت کە پێغەمبەری خوا ﷺ چاك بون لەگەڵ دراوسێدا وریزلێگرتنی لە باوەڕ داناوە و بە پێچەوانەشەوە لە کەمی و ناتەواوی باوەڕ داینـاوە.

## جا ئێستا چەند نمونەیەك باس دەکەین لەسەر چاك بوون بۆ دراوسێ و جۆری دراوسێ:

### دراوسێ سێ جۆرە:

١- دراوسێیەك كە موسڵمانە و خزمیشە: ئەم جۆرە سێ مـافی هەیە: مـافی ئیسلام، مـافی خزمـایەتی، مـافی دراوسێیەتی.

٢- دراوسێیەك كە موسڵمانە بەڵام خزم نییە، ئەم جۆرە دوو مـافی هەیە: مـافی ئیسلام و مـافی دراوسێیەتی.

٣- دراوسێیەك كە موسڵمان نییە وخزمیش نییە: ئەمەیان تەنها یەك مـافی هەیە ئەویش مـافی دراوسێیەتیە.

---

[٥] مسند أحمد برقم (٨٠٩٦)، وهو عند الترمذي، والبخاري في الأدب المفرد.

**كەوابوو:** تەنانەت ناموسڵمانەكانیش مافی دراوسێیەتیان هەیە لە دینەكەماندا، ئەمەش چاكێتی و سنگ فراوانی دینەكەمان دەردەخات و ئەوە دەسەلمێنێت كە ئەم پەیامە رەحمەت وبەزەییە بۆ و هانمان دەدات بۆ بەرزترین ئاكار ورەوشت، بەشێوەیەك كە تەنانەت دراوسێی بێباوەڕ و هاوبەش دانەر بۆ خوایش مافی هەیە ودروست نییە ئازاری بدەیت وەكو پێشەوا ابن الحجر – رەحمەتی خوای لێ بێت- لەكاتی راڤەكردنی فەرموودەی(مَنْ كَانَ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَاليَوْمِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ جَارَهُ)دا دەڵێت: " وشەی دراوسێ موسڵمان وبێباوەڕ و خواپەرست وفاسق و هاورێ و دوژمن و رێبوار و شارنشین و سودبەخش و زەرەربەخش و خزم وبێگانەش دەگرێتەوە " [٦].

وە لە پێشترین دراوسێ بۆ چاكەكردن بەرانبەری بریتیە لەوەیان كە دەرگاكەیان نزیكترینە، چونكە ئەوە دەبینێت كە دەچێتە نێو ماڵە دراوسێیەكەیەوە، و چاكەی دەبینێت، وە ئەگەر بینی سەلامی لێ دەكات و وەڵامی سەلامی دەداتەوە، بۆیە عائیشە رەزای خوای لێ بێت دەڵێت: وتم: ئەی پێغەمبەری خوا من دوو دراوسێم هەیە ئایا هەدیەكەم پێشكەش بەكامیان بكەم؟ ئەویش فەرمووی: (إِلَى أَقْرَبِهِمَا مِنْكِ بَابًا) [٧].واتە: ئەوەیان كە دەرگاكەی نزیكترینە لێتەوە.

---

[٦] فتح الباري لابن حجر (١٠/ ٤٤١)

[٧] صحيح البخاري برقم (٢٢٥٩).

وە ئیسلام کە گرنگی داوە بە دراوسیٚ لەهەمان کاتدا چاك بوون بۆ دراوسیٚی کردۆتە پلەی ئیمان کە بەرزترە لە پلەی ئیسلام، ئەوەش لەبەر گەورەیی مافی دراوسیٚ، چونکە جاری وا هەیە لەنیٚوان دراوسیٚدا دەمەقالیٚ و ڕاجیاوازی و لیٚك دوورکەوتنەوە ڕوودەدات بۆیە فەرمان بەچاکە کردن بەرانبەر بە دراوسیٚ هاتووە لەپیٚناو نەهیٚشتن ولابردنی ئەو گرژی وئالۆزیەی کە دروست دەبیٚت.

جا چاکە کردن کاریٚکی زیاد لە خۆشەویستیە و هەرچەندە مەرج نییە خۆشەویستی لەگەڵدا بیٚت:

**بۆ نمونە** : دراوسیٚیەکت هەیە خۆشت ناویٚت بەڵام واجبە لەسەرت کە چاك بیت لەگەڵیدا چونکە دراوسیٚتە، وە واجبە ئازاری نەدەیت، جا دەبیٚت چاك بیت بۆ دراوسیٚ تەنانەت ئەوەشی کە ڕقت لیٚیەتی لەبەر ئەوەی لە ڕووی شەرعیەوە فەرمانی پیٚکراوە، بۆیە دەبیٚت ئیسلام بکەینە پیٚوانەی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوت و هەست و سۆزمان لەگەڵ خەڵکیدا، بۆیە نابیٚت بڵیٚم: ئەمە خزم و نزیکمە وئەگەر تورەی کردم مافی نادەم، نەخیٚر بەڵکو هەردەبیٚت مافی خۆی پیٚ بدەیت چونکە خزم و دۆستە و ئەگەریش ڕقت لیٚی بیٚت.

ئیٚستا زۆریٚك لە خەڵکی دەبینین بە هەست وسۆز وکاردانەوە مامەڵە و هەڵسوکەوت لەگەڵ خەڵکیدا دەکەن، و بە ئیسلام مامەڵە ناکەن وپیادەی ناکەن، جا ئەوە ئیسلامە کە مافی خۆی پیٚ دەدات ئەگەرچی ئەو کەمتەرخەمی هەیە

بەرانبەرت، و ئەگەریش پەیوەندی پچڕاندووە لەگەڵتدا، بەڵام واجبە لەسەر تۆ کە پەیوەندی خزمایەتی بگەیەنیت وسیلەی رەحم دروست بکەیت وتازەی بکەیتەوە ئەگەرچی ئەوان پچڕاندویانە، جا ئەگەر ئەوان بەم ئەرکە هەڵنەسان ئەوا تۆ پێی هەستە، بەهەمان شێوە لەگەڵ دراوسێشدا تۆ هەستە بە پێدانی مافی دراوسێیەتی خۆی ئەگەرچی ئەو خراپ بێت.

## جا فەرمووده زۆر هەیە دەربارەی چاك بوون بۆ دراوسێ:

لە هەردوو کتێبە صەحیحەکەی فەرموودەدا هاتووە لە ئەبوهورەیرەوە رضي الله عنه دەڵێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لاَ يَمْنَعْ جَارٌ جَارَهُ أَنْ يَغْرِزَ خَشَبَهُ فِي جِدَارِهِ)[٨]، واتە: با دراوسێ رێگری نەکات لە دراوسێیەکەی بەوەی کە دارەکەی بخاتە سەر دیوارەکەی ئەو.

جا هەندێ لەخەڵکی لایان وایە کە رێزگرتن لە دراوسێ وچاك بوون بۆی تەنها بریتیە لە ئازار نەدانی و ئەمەش صەحیح نییە، چونکە رێزگرتن لە دراوسێ دان بەخۆداگرتن بەرانبەر ئەزیەت وئازاری و ئەگەر تورەی کردیت خۆت بگریت ئەوەش چاکە کردنە بەرانبەر دراوسێ.

---

[٨] متفق عليه: رواه البخاري برقم (٢٤٦٣)، ومسلم برقم (١٦٠٩).

هەروەها چاك بوون بۆ دراوسیێ بە قسە وگوفتار وەکو سەلام لێکردنی و ڕووخۆش بوون بەرانبەری وبەشداری کردن لە خۆشی و ناخۆشیەکانیدا وپرسیارکردنی و گەڕان بەدوایدا یان بەدوای منداڵەکانیدا ئەگەر دیار نەمان، و ئەمەش لەدینەکەمانەوەیە.

هەر بۆیە بە صەحیحی هاتوە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ کە فەرموویەتی: (مَا آمَنَ بِي مَنْ بَاتَ شَبْعَانًا وَجَارُهُ جَائِعٌ إِلَى جَنْبِهِ وَهُوَ يَعْلَمُ بِهِ) [٩]، واتە: باوەڕی بە من نەهێناوە کەسێك بە سك تێری شەو بخەوێت و دراوسێکەشی لەپاڵیدا برسی بێت و ئەم پێی بزانێت.

بۆیە کارەکە هەروا بە ئاسانی نییە و لەسەرمانە بگەڕێینەوە بۆ ئیسلام و ئەخلاق وئاکاری ئیسلامەتی.

پێدانی مافی دراوسیێ وەکو بەشداری کردن لەگەڵیاندا لە خۆشی وناخۆشیەکانیاندا، وئەگەر یەکێکیان لیێ مرد برۆ سەرەخۆشی لیێ بکە و ئەگەریش خۆشی وبۆنەیەکی هاوسەرگیری هەبوو ئەوا وەڵامی بانگهێشتی بدەرەوە چونکە ئەوە لە مافەکانی دراوسێیە.

[٩] المعجم الكبير للطبراني برقم (٧٥١)، وهو في صحيح الجامع برقم (٥٥٠٥).

وه ئیسلام دراوسێی چاکی بەیەکێك لە خۆشی وخۆشبەختیەکانی ژیانی دونیا داناوه وئەمەش نیعمەتێکی گەورەیه و پیاوچاکانی پێشو پێش خانوو کرین دراوسێیان هەڵدەبژارد ودەستنیشان دەکرد وپرسیاریان دەربارەی دراوسێکان دەکرد، و ئەگەر بیانزانیایه کە دراوسێکانی چاکن ئەوا خانوەکەی دەکڕی ئەگەر نرخی هەرچەند بوایه. چونکه دراوسیٚ چاکی لە خۆشبەختیەوەیه.

به صەحیحی لە پێغەمبەری خواوه ﷺ هاتووه وەکو لە صەحیحی ابن حباندا هاتووه کە فەرمویەتی: (أَرْبَعٌ مِنَ السَّعَادَةِ: الْمَرْأَةُ الصَّالِحَةُ، وَالْمَسْكَنُ الْوَاسِعُ، وَالْجَارُ الصَّالِحُ، وَالْمَرْكَبُ الْهَنِيءُ، وَأَرْبَعٌ مِنَ الشَّقَاوَةِ: الْجَارُ السُّوءُ، وَالْمَرْأَةُ السُّوءُ، وَالْمَسْكَنُ الضِّيقُ، وَالْمَرْكَبُ السُّوءُ) [10]،واته: چوار شت هەن لە خۆشبەختیەوەن: هاوسەری چاك، و خانوی گەورە وفراوان و دراوسێی چاك و سواررەوێکی گونجاو، وه چوار شتیش لە نارەحەتی وبەدبەختیەوەن:دراوسێی خراپ و هاوسەری خراپ و خانوی بچوك وتەسك و سواریەکی نەگونجاو.

---

[10] صحيح ابن حبان برقم (٤٠٣٢)، وهو في صحيح الجامع برقم (٨٨٧).

وه ئارام گرتن لەسەر ئەزیەت وئازاری دراوسیَ هۆكاری بەدەست هیَنانی خۆشەویستی خوایە بۆ بەندە:

چونكە پیَغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (ثَلَاثَةٌ يُحِبُّهُمُ اللَّهُ: الرَّجُلُ يَكُونُ لَهُ الْجَارُ يُؤْذِيهِ جِوَارُهُ، فَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُ حَتَّى يُفَرِّقَ بَيْنَهُمَا مَوْتٌ أَوْ ظَعْنٌ)[11]، واتە: سیَ كەس خوای گەورە خۆشیانی دەویَت: پیاویَك دراوسیَیەكی هەبیَت ئازاری بدات و ئەمیش ئارام بگریَت لەسەر ئەزیەت و ئازارەكەی هەتا مردن یان باركردن لەیەكیان دەكاتەوە.

یەكیَكی تر لە شیَوازەكانی چاكەكردن بۆ دراوسیَ ئەوەیە كە ئەگەر داوای یارمەتی و هاوكاری لیَ كردی بەهانایەوە بچیت و هاریكاری بكەیت وئەگەر داوای قەرزی لیَ كردی قەرزی پیَ بدەیت وئەگەر نەخۆش كەوت سەردانی بكەیت وئەگەر بانگهیَشتی كردی بۆ خواردن وەلاَمی بدەیتەوە و ئەگەر خوای بیرچوو بیری بهیَنیتەوە و ئەگەر مرد شویَنی جەنازەكەی بكەویت.

(11) مسند أحمد برقم (٢١٣٤٠)، وهو في صحيح الجامع برقم (٣٠٧٤).

**وه ئازاردانی دراوسێ لەتاوانه گەورەكانه:**

(قَالَ رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللهِ، إِنَّ فُلَانَةَ يُذْكَرُ مِنْ كَثْرَةِ صَلَاتِهَا، وَصِيَامِهَا، وَصَدَقَتِهَا، غَيْرَ أَنَّهَا تُؤْذِي جِيرَانَهَا بِلِسَانِهَا، قَالَ: هِيَ فِي النَّارِ) [١٢].

واته: پیاوێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فلاَنه ئافرەت باسی زۆر نوێژكردنی ورۆژوگرتنی وصەدەقەكردنی دەكرێت بەلاَم ئەوەی هەیه به زمانی ئازاری دراوسێكانی دەدات، ئەویش فەرمووی: ئەو ئافرەته له ئاگردایه.

كەوابو ئەزیەت و ئازاردانی دراوسێ تاوانه و بەڵكو له تاوانه گەورەكانیشه وسەرپێچیەكه كه هەڕەشەی ئاگر دراوه له ئەنجامدەرەكەی.

بۆیه مافی دراوسێ و چاكەكردن لەگەڵ دراوسێدا له دین وباوەڕمانه و دەبێت بزانین چۆن هەڵسوكەوتی لەگەڵدا دەكەین و دانیش بەخۆدابگرین بەرانبەر خراپه وكەموكورتیان.

وآخر دعوانا أنْ الحمد لله رب العالمين

==================

## هەمیشه لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

**ماڵپەڕی وەلاَمەكان**

[١٢] مسند أحمد برقم (٩٦٧٤)، وهو في السلسلة الصحيحة برقم (١٩٠).